# ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە بونیاتنانی پەڕلەمان و حکومەت لە نێوان ساڵانی (١٩٩٢- ٢٠٠٦)دا

**دڵشاد سیامەند شیراوی**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** dilshad.sherawy@su.edu.krd

**محمد حسین محمد شوانی**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** mohammed.mohammed2@su.edu.krd

## پوختە:

لە ساڵی (١٩٩٢)دا، بۆ یەکەمین جار هەرێمی کوردستان بە زنجیرەیەک گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەلایەتی تازەدا تێپەڕی کە بریتیبوو لە دروستکردنی پەڕلەمان و حکومەت. ئەم توێژینەوەیە تیۆریە، کە شیکاری ڕۆڵی پارتی و یەکێتی لە دروستکردنی پەڕلەمان و حکومەت لە نێوان ساڵانی (١٩٩٢-٢٠٠٥)دا دەکات. لەم توێژینەوەیەدا، بەشێوەیەکی شیکاری تیشک خراوەتە سەر ڕۆڵی پارتی و یەکێتی لە دروستکردنی پەڕلەمان لە خولی یەکەم (١٩٩٢) و خولی دووەم (٢٠٠٥) لەگەڵ کابینەکانی (٥،٤،٣،٢،١)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەگەڵ ئەمانەشدا، ئاماژە بە دابەشکاری هێز و پۆستەکان دراوە لە نێوان پارتی و یەکێتی بە درێژایی ساڵانی نێوان (١٩٩٢-٢٠٠٥)دا و تیشکخراوەتە سەر ئەو ئاستەنگ و گرفتانەی کە لەبەردەم پەڕلەمان و حکومەتی هەرێمدا دروستبوون و لە ئەنجامدا هەرێمی کوردستان دابەشی سەر دوو ئیدارە کرا. لەپاڵ ئەمانەشدا، تیشک خراوەتە سەر ئەرک و کارەکانی کابینەی پێنجەمی یەکگرتوو و دواتر ئاماژە بە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە کراوە لەوانە پارتی و یەکێتی وەکو دوو پارتی سەرەکی نێو بەرەی کوردستانی، ڕۆڵیان هەبوو لە دروستکردنی لیژنەیەک بۆ دەرکردنی یاسای ژمارە (١)ی هەلبژاردن لە ساڵی (١٩٩٢)دا. ئەم دوو پارتە ڕۆڵی سەرەکیان بینی لە دروستکردنی کابینەکانی ( ٥،٢،١) حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەلام ئەم دوو پارتە لە دوای سالی (١٩٩٤) شەری ناوەخۆیان هەلگیرساند و لە دوو کابینەدا (٤،٣) بەشێوەیەکی جیا لە هەولێر و سلێمانیدا، ئیدارەی هەرێمی کوردستانیان کردووە.

**کلیلە وشەکان:** پارتی سیاسی، گۆڕانی سیاسی، دروستکردنی حکومەت، هەرێمی کوردستان، پەڕلەمان.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

## ١. پێشەکی:

دروستبوونی هەرێمی کوردستان دوای هەڵبژاردنی ڕۆژی ١٩ی مانگی ٥ی ساڵی (١٩٩٢)، گۆڕانکاریەکی سیاسی گەورەبوو بۆ خەڵکی ئەم هەرێمە. ئەم هەرێمە، لە مانگی ٧ی هەمان ساڵی هەڵبژاردن، بە پرۆسەی دروستکردنی حکومەت و دامەزراوەکانیدا تێپەڕی. دوای پێکهێنانی یەکەم کابینەی حکومەت، لە ڕۆژی ٤ی مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٩٢، پەڕلەمان، بەشێوەیەکی فەرمی فیدراڵیەتی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاند. بۆ هەرێمێکی تازە، ئەنجامدانی ئەم پرۆسە نوێ و دیموکراسیانە کارێکی ئاڵۆز و قورسبوو چونکە لەلایەک پێشتر هیچ هەڵبژاردنێکی دیموکراسی تێیدا نەکراوە، لە لایەکی دیکە ڕژێمی عێراق سەرجەم دامەزراوە سەربازی و ئەمنیەکانی کشاندەوەو هەرێمی کوردستان لە ڕووی بەڕێوەبردنی یاسایی و فەرمیشەوە بۆشاییەکی ئیداری و کارگێری لەنێو دامەزراوەکانی حکومەت دروستبوو. لەم ماوەیەدا، پارتی و یەکێتی، لە ڕێگەی بەرەی کوردستانی لیژنەیەکیان دروستکرد بۆ ئەوەی کە یاسای هەڵبژاردن دابڕێژێت. دوای هەڵبژاردن، ئەم دوو پارتە، هەوڵیاندا کە لە ڕێگەی پەڕلەمانەوە کابینەی حکومەت دروستبکەن.

ئەم توێژینەوە تیۆریە، ئامانجەکەی بریتیە لە خستنەڕووی ڕۆڵی پارتی و یەکێتی لە دروستکردنی پەڕلەمان و حکومەت لە نێوان ساڵانی (١٩٩٢-٢٠٠٦)دا.لەم توێژینەوە تیۆریەدا، گرفتی سەرەکی بریتیە لە زانینی ڕۆڵی دوو پارتەکە (پارتی و یەکێتی) لە دروستکردنی پەڕلەمان و کابینەکانی حکومەت (١،٢،٣،٤،٥) لەگەل زانینی چۆنیەتی دابەشکردنی پۆستە حکومیەکانی حکومەت و بەڕێوەبرنیان. بۆ خستە ڕووی ڕۆڵی ئەم دوو پارتە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لەم چوارچێوەیدا شیکردنەوەکان بخاتەڕوو: کورتەیەک لەبارەی هەرێمی کوردستان و هەردووک پارتەکە، دروستکردنی پەڕلەمان و حکومەت لە ساڵی (١٩٩٢)دا، هەڵبژاردن و دروستکردنی کابینەی حکومەت لە ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠٠٦)دا و خستنەڕووی ئەنجامی توێژینەوەیەکە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

## ٢. کورتەیەک لەبارەی هەرێمی کوردستان، پارتی و یەکێتی:

### ١.٢. هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان ئاماژەیە بۆ بەشێک لەو پارچەیەی کوردستان کە دەکەوێتە باکووری عێراق و بە خاکی کوردان ناسراوە. هەرێمی کوردستان، "زاراوەیەکی نوێیە و لەم دواییانەدا بەکارهێنانی بڵاوبووەوە، بەتایبەتی دوای ڕاپەرینی ساڵی (١٩٩١) و هەڵبژاردنی یەکەم ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٢)" (دەروێش، ٢٠١٤: ٢٨). دوای ساڵی (١٩٩٢) ئەم زاراوەیە، بەشێوەیەکی فەرمی لە ناوەخۆی هەرێم و لە وولاتانی دیکەی جیهان و لە بڵاوکراوە ئەکادیمیەکان، بۆ ئەو بەشەی کوردستان بەکارهاتووە. بە فەرمی ناساندنی هەرێمی کوردستان–عێراق دوای ئەوە هات کە "زاراوەی (کوردستانی عێراق) شێوازی (هەرێمی کوردستانی عێراقی) وەرگرت کە لە ساڵی (١٩٩٢)دا ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان (پەرلەمان) بڕیاری لەسەردا، دوای ئەوەش لە دەستوری عێراق لە ساڵی (٢٠٠٥)دا هەمان ئەم بڕیارە لەسەر درا" (محەمەد، ٢٠١٢: ٦٨). دابەشکردن و لکاندنی ئەم بەشەی خاکی کوردستان مێژوویەکی زۆر کۆنی نیە بەڵکو نزیکەی سەدەیەکە لکێنراوە بە دەوڵەتی عێراقەوە. لە ئێستادا، هەرێمی کوردستان، "بەشێکی دەوڵەتی عێراق پێکدێنێ و لە ساڵی (١٩٢٣)وە بە دەوڵەتی عێراقەوە لکێنراوە" (محەمەد، ٢٠٠٥: ٦٣)، کە دواتر لەلایەن بەشێک لە دەولەتانی هەرێمی و جیهانی و ڕێخراوی نێودەولەتی بەفەرمی ناسێنرا.

دوای ئەم لکاندنەی ئەم بەشەی کوردستان بە عێراقەوە، ئیتر ڕێخراوە نێودەولەتیەکان و وولاتانی دەوروبەری هەرێم و زلهێزی جیهان بەفەرمی دانیان بەم لکاندنە ناوە. لە ڕووی مێژووییەوە، دوای ساڵی (١٩٢٣)، هەرێمی کوردستان (بە ناوچەدابڕێنراوەکانیەشەوە) "لە ساڵی (١٩٢٥)، لەلایەن ڕێکخراوی (کۆمەڵەی گەلان) بە فەرمی لکێنرا بە عێراقی عەرەبیەوە، پاشانیش لە ساڵی (١٩٢٦)دا بەپێی ڕێکەوتنێکی فەرمی حکومەتەکانی عێراق و ئینگلیز و تورک ئەو دابەش کردنە پەسەند کرا" (کەریم، ٢٠٠٩: ١٥). ئیتر ئەم بەشەی کوردستان کرایە بەشێک لە دەوڵەتی عێراق و تاکو ئێستاش هەروا ماوەتەوە.

خەڵکی هەرێمی کوردستان، لە ڕۆژی ٥ی مانگی ٣ی ساڵی (١٩٩١)دا ڕاپەرین بەرامبەر ڕژێمی عێراق، کە لە قەزای


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

ڕانیەی (ئیدارەی ڕاپەرینی ئێستا) سەر بە پارێزگای سلێمانی دەستپێکرد و پارێزگاو قەزا و ناحیەکانی تری هەرێمی گرتەوە. دروشمی سەرەکی ڕاپەرینی خەڵکی هەرێم بریتیبوو لە "دیمۆکراسی و ئازادی" (Fatah, 2016: 6). دوای چەندان ساڵ خەبات و قوربانی، خەڵکی هەرێم دەیانویست خاوەنی خاکی خۆیبێ و خۆی ئیدارەی هەرێمی خۆی بکات. هەرچەندە حکومەتی عێراق پەلاماری هەرێمی کوردستانی دایەوە و دەیان هەزار خەڵک ڕوویان لە ناوچە سنووریەکان و وولاتانی دیکە کرد بەڵام حکومەت نەیتوانی بمێنێتەوە و لە "مانگی١٠ی ساڵی (١٩٩١)دا هێزی سەربازی لە هەرێمی کوردستان کشاندەوە" (Leezenberg, 2005: 636).

## ٢.٢. پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتی (پ.د.ک)

دوای هەڵوەشانەوەی هەردوو پارتی شۆرش و ڕزگاری لە مانگی ئابی ساڵی (١٩٤٦)دا زەمینەسازی بۆ پارتێکی دیکەی کوردی کرا لە کوردستانی عێراقدا. هاوکات لە هەمان مانگ و ساڵی هەڵوەشاندنەوەی حزبی شۆرش و ڕزگاری، (پ.د.ک)، "بە بڕیار و ڕاسپاردەی مستەفا بارزانی کە نوێنەرەکەی ئەوکاتی هەمزە عبدوڵا بوو دامەزرا" (سابیر، ٢٠١١: ٤٤). لە بەهاری ساڵی (١٩٤٥)دا لەسەر داوای مەلا مستەفای بارزانی، هەمزە عەبدوڵا بەشێوەیەکی نهێنی گەڕایەوە کوردستانی باشوور لە سلێمانی کەوتە پەیوەندیکردن و دیدەنی لەگەڵ ژمارەیەک لە سەرکردەکانی پارتی کۆمۆنیستی کوردستان (شۆرش) و پارتی (ڕزگاری) و چەند کەسایەتیەکی کوردپەروەر و بیرۆکەی ئەم پارتە (پارتی) لەگەڵیان باسکرا و هەمزە عەبدوڵا لەم گفتووگۆیانەدا توانی ئەو کەسایەتیانە ڕازیبکات (ڕەسوڵ، ٢٠٠١). دامەزراندنی پارتی دوای ئەوە هات کە کۆمەڵەی (ژێکاف)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوەکەی گۆڕابوو بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

یەکەم کۆنگرەی ئەم پارتە، لە ماڵی "سعید فهیم لە بەغداد بوو" (فاتیح، ٢٠١٢: ١٠٦)، کە سەرۆک و سکرتێر و جێگر بەبێ ئامادەبوونی مستەفا بارزانی بۆ پارتەکە دیاریکران لە ڕۆژی (١٩٤٦\٨\١٦)دا. لەم کۆنگرەیەدا، بە دەنگی "(٣٢) نوێنەر کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا، کە مستەفا بارزانی وەکو سەرۆک، حەمزە عەبدوڵا وەکو سکرتێری سەرۆک، شێخ لەتیف و کاکە زیاد ئاغا وەکو جێگرانی سەرۆک هەڵبژێردران" (Stansfield, 2003: 66). پارتی،



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

لە ساڵی (١٩٨٧)دا پارتی بەشداربووە لە دروستکردنی بەرەی کوردستانی و ساڵی (١٩٩٢) بەشداربووە لە دروستکردنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان تاکو ئێستاش بەردەوامە واتە ساڵی (٢٠٢١).

### ٣.٢. یەکێتی نیشتمانی کوردستان، یەکێتی (ی.ن.ک)

یەکێتی لە "بەرواری (١٩٧٥\٦\١)دا دامەزرا" (Stansfield, 2003: 80). شوێنی دروستکردن و ڕاگەیاندنی ئەم پارتە لە شاری دیمەشق لە سوریا بوو، دواتر لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە لە هەرێمی کوردستان و ئەوروپا و شوێنەکانی تر هەواڵی دامەزراندنی ڕاگەیەندرا. ئەم پارتە لەلایەن جەلال تالەبانی و بەهاوکاری کۆمەڵێک کەسایەتی کە وەکو دەستەی دامەزرێنەران ناویان هاتووە، دامەزرا کە بریتیبوون لە "نەوشیروان مستەفا ، د . فوئاد مەعسوم، د. کمال فوئاد، عمر شێخموس ،عادل مراد و عبدالرزاق فەیلی" (Pukmedia 2017). مەسعود عبدالخالق پێیوایە (ی.ن.ک) بووە هۆی "کۆکردنەوەی هەر سێ ڕێکخراوی سیاسی مارکسی-لینینی عێراق کەسەر بە بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ بون و لە ڕۆژی (١٩٧٠\٦\١٠)دا دامەزرابوو، بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان کە لە ڕۆژی (١٩٧٦\٨\١٨)دا دامەزرابوو لەگەڵ باڵی خەتی گشتی" (عبدالخالق، ٢٠٠٨: ٥٩٥). لە ساڵی (١٩٧٥)دا، کۆکردنەوەی چەندان کەسایەتی سیاسی سەر بە سێ ڕەوتی جیاواز، ئاماژە بووە بۆ ڕێکخستنێکی سیاسی لەنێو کۆمەڵگادا لە چوارچێوەی حزبێکدا، کە هۆکاری کۆکردنەوەی خەڵکێکی زۆر بوو لە دەوری ئەم ڕێکخراوە نوێیەدا. بە شێوەیەکی گشتی لەو ڕێکەوتەی دوای هەڵوەشانی شۆرشی ئەیلوول و چوونی سەرۆکی پارتی مستەفا بارزانی لە "٢٥ی ئاداری ساڵی ١٩٧٥دا بۆ ئێران" (نێروەیی، ٢٠٠٨: ٥١)، بەشێک لە پێشمەرگەی شۆرش و ئەندامانی پارتی وازیان هێنابوو، دواتر لە دەوری یەکێتی کۆبوونەوە، بەمەش ئەم پارتە زیاتر چووە نێو جەماوەرەوە و سوودی لە هەڵوەشاندنەوەی شۆرشی ئەیلوول وەرگرت.

لە ساڵی " (١٩٧٧)دا، یەکێتی، بارەگایی سەرکردایەتی لە دیمەشقەوە بۆ سلێمانی گواستەوە" (Gunter, 1996: 230). دواتر کەوتە نێو خەباتی سیاسی و چەکداری لە کوردستانی عێراقدا. لە ساڵی (١٩٨٧)دا، لەگەڵ پێنج پارتی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

دیکەی کوردستانی عێراق، بەرەی کوردستانیان دروستکرد. جێگەی ئاماژەیە، یەکێتی، لە ڕاپەڕینی ئاداری ساڵی (١٩٩١)دا و لە دروستکردنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان تاکو ئێستا واتە ساڵی (٢٠٢١) بەشداربووە.

## ٣. بونیاتنانی پەرلەمان و حکومەت لە ساڵی (١٩٩٢)دا:

وەکو ئاشکرایە لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان، هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجامدەدرێت بۆ ئەوەی پارتە سیاسیە براوەکان کابینەی حکومەت پێکبهێنن. ئەم مۆدێلەی پێکهێنانی کابینەی حکومەت لەو وولاتانەدا باوە کە سیستەمی سیاسی دیموکراسیە و بەگوێرەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، ڕۆل دەدرێتە ئەو پارتە سیاسیەی کە زۆرترین دەنگی هاولاتی هێناوە بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی حکومەتدا، دامەزراوەکان بەڕێوەببات. لە هەرێمی کوردستاندا مێژووی بونیاتنانی پەرلەمان و یەکەم کابینەی حکومەت بۆ ساڵی (١٩٩٢) دەگەڕێتەوە کە لەم بەشەدا لێکدانەوەی لەبارەوە دەکرێت.

### ١.٣. دروستکردنی پەرلەمان لە ساڵی (١٩٩٢)دا

دوای دروستبوونی (پ.د.ک) لە ساڵی (١٩٤٦) و (ی.ن.ک) لە ساڵی (١٩٧٥)دا، ئەم پارتانە، خەباتی سیاسی و چەکداری بەرامبەر بە ڕژێمەکانی عێراق کردووە. بۆ نموونە، لە لایەک کاری سیاسیان کردووە کە بریتیبووە لە بە ئەندامکردنی خەڵک لە ڕیزەکانیان، کردنەوەی زۆرترین بارەگا لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان، دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ پارتە عێراقی و جیهانیەکان، دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتەکانی جیهان و بلاوکردنەوەی ڕۆژنامەی پارتەکانیان. لە لایەکی دیکە، خەباتی چەکداریان کردووە لە ڕێگەی دروستکردنی شۆرش و ئەنجامدانی کاری پارتیزانی کە چیایەکانی هەرێمی کوردستان شوێنی سەرەکی ئەم دووپارتە بوون. چەند ساڵێک پێش ڕاپەرین، ئەم دوو پارتە لەگەڵ چوار پارتی دیکەدا کە بریتیبوون لە پاسۆک، پارتی سۆسیالیستی کوردستان، حزبی شوعی عێراق و پارتی گەل، بڕیاریان دا بەرەیەک یاخود هاوپەیمانیەتیەک لە نێوان پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان دروستبکەن بۆ ئەوەی هەم بڕیاری هاوبەش هەم کاری هاوبەش بەیەکەوە لە پێناو هەرێمی کوردستان بدەن. ئەم هاوپەیمانەتیە گرنگە لە ساڵی (١٩٨٧)دا دروستکرا و ناوی لێنرا بەرەی کوردستانی و کە دواتر، ئەم


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

هاوپەیمانەتیە ڕۆڵی سەرەکی بینی لە (ڕاپەڕین و ئەنجامدانی هەڵبژاردن)و دروستکردنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

دوای ڕاپەرینی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی (٥)ی ئاداری (١٩٩١)دا، و دروستکردنی ناوچەی ئارام، (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)، لە ڕێگەی سەرۆکەکانیان خواستی هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانەی دووپاتکردەوە. لەلایەک، ئەم جۆرە لێدوان و دەربڕینانەی ئەم دوو پارتە بووە بنەمای هیواو ئاواتی خەڵکی هەرێمی کوردستان لەوەی هەرێمێکی دیمۆکراسی دروستدەکرێت و ڕێز لە مافی مرۆڤ دەگرێت، لە لایەکی دی، بەرەی کوردستانی " بیری لەدامەزراندنی سیستمێکی پەرلەمانی کردەوە لەرێی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی سەربەخۆی ئازادو دیموکراتیەوە" ( Kurdistan Parliament website n.d.)، دواتر ئەم بەرەیە بڕیاری دا کە هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان بکرێت. جێگەی ئاماژەیە ناوی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی-عێراق لە "دانیشتنی بەرواری (٢٠٠٩\٣\٢٥)دا بۆ پەرلەمانی کوردستانی –عێراق گۆڕا" (جامباز، ٢٠٠٩: ٧).

بۆ ئەم مەبەستە، سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لیژنەیەکی تایبەتی لە "(١٥) کەس لە حاکم، پارێزەر و مافپەروەران و نوێنەرانی لایەنە سیاسیەکانی ناو بەرەی کوردستانی پێکهێنا" (Kurdistan Parliament n.d.). دوای چەندان دانیشتن و گفتووگۆ، ئەم لیژنەیە پرۆژە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) دەرکرد کە یاسای هەڵبژاردن بوو. ناوەڕۆکی ئەم یاسایە ئاماژەی بە وردەکاری هەڵبژاردن و شێوەی بەشداری پارتەکان داوە. لەسەر بنەمایی ئەم یاسایە، هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و ڕابەری گشتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لەرێگای دەنگدانی گشتی ونهێنی و ڕاستەوخۆ لە بەرواری (١٩٩٢\٥\١٩)دا بە بەشداری نزیکەی یەک ملیۆن دەنگدەر کە نوێنەرایەتی زیاتر لەسێ ملیۆن ونیوی هاوڵاتیان دەکرد ئەنجامدرا. هەرحزبێک دەبوایە "(%٧)ی دەنگەکان بەدەست بهێنێ بۆ ئەوەی کورسیەکی پەرلەمان مسۆگەر بکات" (Parliament website n.d. Kurdistan). ئەم هەڵبژاردنە بەسەرپەرشتی و چاودێری نوێنەرانی چەندین ڕێکخراوی بیانی لەبواری مافی مرۆڤ و دیموکراسی و ئەندامانی پەرلەمانی وڵاتانی ئەوروپا و ڕۆژنامەنووسانی بیانی بەڕێوەچوو کە پارتەکانی باشووری کوردستان، لە چوارچێوەی (٧) لیست بەژداریان کرد، وەک لە خشتەی ژمارە (١)دا خراوەتە ڕوو.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

**خشتەی ژمارە (١)، ژمارەی دەنگ و ئەو لیستانەی بەشداریان لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢دا کرد**

| | لیستی پارتەکان | ژمارەی دەنگەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | پارتی دیموکراتی کوردستان | 437889 | %45.5 |
| 2 | یەکێتی نیشتمانی کوردستان وحزبی زەحمەتکێشانی کوردستان | 423833 | %43.61 |
| 3 | یەکگرتن ( پارتی سۆشیالست و پارتی سەربەخۆیی کوردستان) | 24882 | %2.56 |
| 4 | یەکێتی دیموکراتی کوردستانو حزبی شیوعیو بێلایەنەکان | 21123 | %2.17 |
| 5 | لیستی ئیسلامیەکان | 49108 | %5.5 |
| 6 | لیستی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان | 9903 | %1.02 |
| 7 | لیستی سەربەخۆی دیموکراتەکان | 501 | %0.05 |
| | کۆی دەنگەکان | 971953 | %100 |

Source: The Kurdistan Parlament website (2020):


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ساڵی (١٩٩٢)، کە بە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی (التمثیل النسبی) بەڕێوەچوو، لە نێو ئەو پارتە سیاسیانەی بەشدار لە هەڵبژاردن، لیستی (پ.د.ک) و لیستی (ی.ن.ک و حزبی زەحمەتکێشان) زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەستهینا کە بریتیبوو لە"(٥٠) کورسی بە ڕێژەی (45.5%) بۆ پارتی و (٥٠) کورسی بە ڕێژەی (43.61%) بۆ یەکێتی و حزبی زەحمەتکێشان لە کۆی (١٠٥) کورسی پەڕلەمانی " ( The Independent H.E.R.C, 2015). بۆ ئەو کورسیانەی پەڕلەمان کە مابوون بەپێی بڕیارێکی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانیش کە لە "بەرواری (١٩٩٢\٤\٨)دا دەرچوو (٥) کورسی بۆ مەسیحیەکانی کوردستان تەرخان کرا، کە (٤) ئەندامیان لە لیستی بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری و (١) ئەندامیش بۆ لیستی یەکگرتووی مەسیحیەکانی کوردستان تەرخان کرا" (Parliament website n.d. Kurdistan). ئەنجامی دەنگدان بۆ ڕابەری گشتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بەم شێوەیە بوو کە "مەسعود بارزانی سەدا (٤٨)، جەلال تالەبانی سەدا (٤٥) و مەحمود عوسمان سەدا (٢)ی دەنگیان بەدەستهێنا" (Mcdowall, 2007: 381). بەڵام دواتر ئەم پۆستە کارا نەکرا لەبەر ئەوەی هیچ یەکێک لە کاندیدەکان "نەیان توانی ڕێژەی یاسایی تێکڕای دەنگی زۆرینەی ڕەها (٥٠+١) بەدەستبێنن" (ڕەئوف، ٢٠١٣: ٧١). ئەم ڕێژەیەش لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (١٩٩٢)دا دیاریکرابوو کە تایبەت بوو بە هەڵبژاردنی سەرکردەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد. لە مادەی هەشتەمی ئەم یاسایەدا، هاتووە "ئەو کاندیدەی دەنگی زۆربەی موتڵەق بێنێ ئەو سەرکەوتووە" ( Rules for Election of the Leader Act of 1992).

## ٢.٣. بونیاتنانی کابینەی یەکەمی حکومەت لە ساڵی (١٩٩٢)دا

دوای کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنی یەکەم، (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) کابینەی حکومەتی هەرێمیان دروستکرد. یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی (٧)ی ساڵی (١٩٩٢)دا لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان(پەڕلەمان) دامەزرا. هەردووک پارتەکە، پارتی و یەکێتی ڕێکەوتن کە بەهاوبەشی پەرلەمان و کابینەی حکومەت بەڕێوەبەرن. پەڕلەمان کە ئەم دوو پارتە تێیدا زۆرینەبوون، پۆستی سەرۆک و جێگری سەرۆک لە نێوخۆیاندا دابەشکرا "لە پارتی جەوهەر نامیق سالم بووە سەرۆکی پەرلەمان و لە یەکێتی موحەمەد تۆفیق بووە جێگری سەرۆکی پەڕلەمان"



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

(Stansfield, 2003: 146). بەپێچەوانەی پەڕلەمان، پارتی و یەکێتی ڕێکەوتن لە حکومەتدا سەرۆکی حکومەت بۆ یەکێتی و جێگری سەرۆکی حکومەت بۆ پارتی بێ، وەزارەتەکانیش بە هاوبەشی بەڕێوەببەن بەجۆرێک کە "وەزیرو جێگری وەزیر بەهاوبەشی دانران" (Leezenberg,2015: 157). بۆ نموونە ئەگەر پۆستی وەزیر بۆ پارتی بێ ئەوا پۆستی جێگری وەزیر بۆ یەکێتی دەبێ و بە پێچەوانەشەوە.

لە کۆی گشتی (٣١) پۆستی حکومی کابینەی یەکەم، (١٣) پۆست کە لەناویاندا پۆستی سەرۆکی حکومەت هەبوو درا بە (ی.ن.ک)، (١٤) پۆست کە لەناویاندا پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت هەبوو درا بە (پ.د.ک). ئەو (٤) پۆستەی دیکە هەریەکەو یەک پۆست بەسەر پارتەکانی دیکە و کەسایەتیەکی سەربەخۆدا دابەشکرا کە بریتیبوون لە جوڵانەوەی دیموکراتی ئاشووری، پارتی زەحمەتکێشانی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی کوردستان. لە پشکی یەکێتی، د. فواد مەعسووم کرا بە سەرۆکی حکومەت و لە پشکی پارتی د. ڕۆژ نووری شیاوەس کرا بە جێگری سەرۆکی حکومەت. ئەم کابینەیە، یەکەم ئەزموونی بەڕێوەبەریبوو دوای دروستبوونی هەرێمی کوردستان. وەکو دەزانرێت، بنەماکانی حکومەتی سەرکەووتوو پشت دەبەستێت بە بەرنامەیەکی باش، کادری پسپۆر و داهاتێکی باشی دارایی و شەفافیەت هتد، کە ئەم کابینەیە زۆرێک لەم بنەمایانەی تێدانەبوو. سەرەڕای ئەمەش، کابینەیەک بوو کە بەهاوبەشی و بەشێوەی یەکسان، لەلایەن پارتی و یەکێتیەوە دابەشکرابوو, وەک لە خشتەی ژمارە (٢)دا خراوەتە ڕوو.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

**خشتەی ژمارە (٢)، پێکهاتەی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵی ١٩٩٢**

| ناو | پۆست | پارتەکان |
|---|---|---|
| فواد مەعسوم | سەرۆکی حکومەت | یەکێتی نیشتیمانی کوردستان |
| ڕۆژ نوری شیاوەس | جێگری سەرۆکی حکومەت | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ئەمین مەولود | وەزیری پیشەسازی | یەکێتی نیشتیمانی کوردستان |
| ئەمین عبدالرحمان | جێگری وەزیری پیشەسازی | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| شێرکۆ بێکەس | وەزیری رۆشنبیری | یەکێتی نیشتیمانی کوردستان |
| ئەحمەد سالار | جێگری وەزیری ڕۆشنبیری | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| موحەمەد تۆفیق | وەزیری هاوکاری مرۆیی | یەکێتی نیشتیمانی کوردستان |
| کەمال کەرکووکی | جێگری وەزیری هاوکاری مرۆیی | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ئدریس هادی سالح | وەزیری گواستنەوە | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| فەرەیدون ڕەفیق | جێگری وەزیری گواستنەوە | یەکێتی نیشتیمانی کوردستان |
| یونادیم یوسف | وەزیری شارەوانی | جولانەوەی دیموکراتی ئاشووری |
| تەیب جەبار ئەمین | جێگری وەزیری شارەوانی | یەکێتی نیشتیمانی کوردستان |
| ناسح غەفور | وەزیری پەروەردە | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| عوسمان حەسەن | جێگری وەزیری پەروەردە | یەکێتی نیشتیمانی کوردستان |
| قادر عزیز | وەزیری کشتوکال | پارتی زەحمەتکێشانی کوردستان |


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

| | | |
|---|---|---|
| ئەكرەم عزەت | جێگری وەزیری كشتوكاڵ | پارتی دیموكراتی كوردستان |
| كەماڵ موفتی | وەزیری پێشمەرگە | یەكێتی نیشتیمانی كوردستان |
| ئازاد فەتاح | جێگری وەزیری پێشمەرگە | پارتی دیموكراتی كوردستان |
| مەعرەف رەئوف | وەزیری داد | سەربەخۆ |
| سەلاح علادین حەفیز | وەزیری دارایی | یەكێتی نیشتیمانی كوردستان |
| سالح دەلۆ | جێگری وەزیری دارایی | پارتی دیموكراتی كوردستان |
| كافیا سولەیمان | وەزیری گەشتووگوزار | یەكێتی نیشتیمانی كوردستان |
| سالح ئەحمەد | جێگری وەزیری گەشتوگوزار | پارتی دیموكراتی كوردستان |
| كەماڵ شاكر | وەزیری تەندروستی | پارتی كۆمۆنیستی كوردستان |
| عبد الئەحەد ئەفرام | جێگری وەزیری تەندروستی | پارتی دیموكراتی كوردستان |
| موحەمەد مەلا قادر | وەزیری ئەوقاف | پارتی دیموكراتی كوردستان |
| موحەمەد سالح | جێگری وەزیری ئەوقاف | یەكێتی نیشتیمانی كوردستان |
| مەئمون بریفكانی | وەزیری ئاوەدانكردنەوە | پارتی دیموكراتی كوردستان |
| حوسین سنجاری | جێگری وەزیری ئاوەدانكردنەوە | یەكێتی نیشتیمانی كوردستان |
| یونس رۆژبەیانی | وەزیری ناوەخۆ | پارتی دیموكراتی كوردستان |
| ئەحمەد شەریف | جێگری وەزیری ناوەخۆ | یەكێتی نیشتیمانی كوردستان |

Source: (Stansfield, 2003. pp.147).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

ئەم جۆرە دابەشكارییە ئەجندای پارتایەتی تێکەڵی نێو کاری حکومەتداری کرد، بەشێوەیەک دەبوایە هەردووک پارتەکە ڕازیبن لەوەی پڕۆژەیەک یاخود بڕیارێک جێبەجێبکەن. لەم بارەیەوە ستانسفێلد ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەم کابینەیەدا "جێگری وەزیر هەمان دەسەڵاتی وەزیری هەبوو چ لە پاڵپشتیکردنی بڕیارەکانی وەزیر یاخود ڤیتۆکردن، ئەم جۆرە دابەشکاریە لە هەموو پێکهاتەی حکومەت پەیڕەوکرا لە ئەنجومەنی وەزیران تاکو ئەنجومەنی شارەوانیەکان، قوتابخانەکان، نەخۆشخانەکان و دەزگا ئەمنیەکان" (Stansfield, 2003: 147). جێگەی باسە، دانانی جێگر بۆ هەرپۆستێک دەبێت دەسەڵاتی کەمتربێ لە وەزیر، لە پێناو ئەوەی کە کەسی یەکەمی هەر وەزارەتێک بتوانێت کارەکانی جێبەجێبکات. ئەم جۆرەی دابەشکاریە، لەلایەک بۆ یەکەم ئەزموونی حوکمەتداری باش بوو چونکە وای کرد دوو هێزە سەرەکیەکە لەیەکەم ئەزموون بەیەکەوە کاربکەن، لە لایەکی دیکە، لایەنە خراپیکەی ئەوەبوو کابینەی یەکەم لەپاڵ هەموو کەموکورتی و نەبوونی پێداویستی و باری دارایی باش و ئەزموونی حکومەتداری، کاری پارتایەتش تێکەڵی حکومەتداری کرا. بۆنموونە، کێشەی گەورە لە بڕیاردان هەبوو بەهۆی یەکسانی دەسەڵاتی وەزیر و جێگر وەزیر. بۆیە ئەم کابینەیە، دوای چەند مانگێک هەڵوەشایەوە و سەرۆکی حکومەت لەلایەن (ی.ن.ک)وە کە پشکی خۆیان بوو گۆڕا بە کەسایەتیەکی دیکە.

دوای ئەوەی کۆتایی بە کابینەی یەکەم هات، کار بۆ پێکهێنانی کابینەی دووەم کرا کە لە ڕۆژی "٢٥ی مانگی ٤ی (١٩٩٣)دا دروستکرا، بە دانانی کۆسرەت ڕەسول علی وەکو سەرۆک وەزیر لە شوێنی د.فواد مەعسوم" (Stansfield, 2003: 150). ئەم کابینەیە، هەوڵیدا گۆڕانکاری لە پۆستەکانی حکومەتدا بکات و پۆستە حکومییەکانی کەم کردەوە. بۆ ئەم مەبەستە، (٣١) پۆستی کابینەی یەکەم، دەستکاریان کرا و کران بە (١٧) پۆستی حکومی. لە کۆی گشتی (١٧) پۆستی حکومی، (٨) پۆست لە ناویاندا پۆستی سەرۆک وەزیر درا بە (ی.ن.ک)، (٦) پۆستی حکومی لەنێویاندا جێگری سەرۆکی حکومەت درا بە (پ.د.ک)، (١) پۆستیش درا بە پارتی یەکگرتووی کوردستان، (١) پۆستیش درا بە پارتی کۆمۆنیستی کوردستان و (١) پۆستیش درا بە جوڵانەوەی دیموکراتی ئاشووری. ئەم کابینەیە، بۆ ماوەی یەک ساڵ بەردەوام بوو. لەم ماوەیەدا، ئەم کابینەیە "ڕەخنەی ئەوەی لێگیرا کە لایەنگرانە کاردەکات" (Stansfield, 2003: 150) دوای ئەم ماوەیە، لە نێوان پارتی و یەکێتی لە ساڵی (١٩٩٤)دا شەڕی ناوەخۆ دەستی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

پێكرد، پارتی لە هەولێر دەركرا تاكو ساڵی (١٩٩٦). لە ساڵی (١٩٩٦)دا دوای گەڕانەوەی پارتی بۆ هەولێر، ئەم جارەیان یەكێتی لە هەولێر دەركرا و كابینەی دووەم كۆتایی پێهات و هەریەكە لە پارتی و یەكێتی دوو كابینەی جیا جیایان لە هەولێر و سلێمانی دروستكرد.

دوای كابینەی دووەم، لە ساڵی (١٩٩٦)دا، هەرێمی كوردستان دابەشی دوو ئیدارە بوو پارتی، لە هەولێر حكومەتێكی دروستكرد كە د.ڕۆژ نوری شیاوەس سەرۆك وەزیر بوو و نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆك وەزیر بوو. لە سلێمانیش، یەكێتی، حكومەتێكی دیكەیان دروستكرد و هەریەكە لە "كۆسرەت ڕەسوول علی سەرۆكی حكومەت و كەمال فوئاد جێگری سەرۆكی حكومەت بوون" (Rudaw 2019). بەم شێوەیە هەرێمی كوردستان دابەشی دوو حكومەت بوو و هەریەكە لە لای خۆیانەوە ناوی كابینەی سێیەمیان لە حكومەتەكەیان نا. لە هەولێر، (پ.د.ك)، كابینەی سێیەمی ڕاگەیاند كە لە (١٩)ی پۆستی حكومی پێكدەهات. ئەم حكومەتە، حكومەتێكی هاوپەیمانی بوو لەگەڵ حزبەكانی دیكەدا بەلام زۆرینەی پۆستەكان لە دەستی پارتی دیموكراتی كوردستان بوو، وەك لە خشتەی ژمارە (٣)دا خراوەتە ڕوو.

**خشتەی ژمارە (٣) پێكهاتەی كابینەی سێیەم حكومەتی هەرێمی كوردستانی ساڵی ١٩٩٦ (هەولێر)**

| ناو | پۆست | پارتەكان |
|---|---|---|
| د. ڕۆژ نوری شاوەیس | سەرۆكی حكومەت | پارتی دیموكراتی كوردستان |
| نێچیرڤان بارزانی | جێگری سەرۆكی حكومەت | پارتی دیموكراتی كوردستان |
| شەوكەت شێخ یەزدین | وەزیری دارایی | پارتی دیموكراتی كوردستان |
| یونادیم یوسف كەنا | وەزیری شارەوانی | جوڵانەوەی دیموكراتی ئاشووری |


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

| | | |
|---|---|---|
| خدر جەباری | وەزیری داد | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ئەبو حیکمەت | وەزیری کشتووکاڵ | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| د.جەرجیس حەسەن | وەزیری پەروەردە | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| د.شەفیق قەزاز | وەزیری هەوکاری مرۆیی | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| د.ئدریس هادی سالح | وەزیری پیشەسازی و وزە | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| مەئمون بریفکانی | وەزیری ئاوەدانکردنەوە | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| فازل میرانی | وەزیری ناوەخۆ | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| فەلەکەدین کاکەیی | وەزیری ڕۆشەنبیری | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| حسن سنجاری | وەزیری گەشتووگوزار | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| حەمید ئاکرەیی | وەزیری گواستنەوە | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| کەمال شاکر موحەمەد | وەزیری تەندروستی | پارتی کۆمۆنیستی کوردستان |
| کاوە محەمەد حەفیز | وەزیری ئەوقاف | پارتی دیمۆکراتی کوردستان |
| زەعیم علی | وەزیری پێشمەرگە | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| د. جاسم ئیلیاس | وەزیری هەریم | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| فەرەنسۆ هەریری | وەزیری هەریم | پارتی دیموکراتی کوردستان |

Source: (Stansfield , 2003. pp.158)

لەکۆی هەموو پۆستە حکومیەکان، پارتی، (١٦)ی پۆستی بە سەرۆک وەزیرانەوە هەبوو، (٣) وەزارەتەکەی دیکە هەریەکەیان درا بە جوڵانەوەی دیموکراتی ئاشووری، پارتی کرێکاران و پارتی کۆمۆنیست. ئەم کابینەیە کێشەی بینایە و شوێنی دامەزراوەکانی حکومەتی نەبوو، چونکە کاروباری حکومەتداری لە هەمان ئەو شوێنانەبوون کە لە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

کابینەی یەکەم و دووەم بەکاردەهاتن. حکومەتی ئیدارەی هەولێر، کێشەی کەم داهاتی ئابووری هەبوو لەلایەک، لەلایەکی دیکە پارتی و یەکێتی لە شەڕی ناوخۆدا بوون. ئەمەش وایکردبوو، ئەم حکومەتە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک قەیران ببێتەوە لە ڕووی خزمەتگوزاری وەکو ڕێگاوبان، کارەبا، ئاو، پەروەردە و تەندروستی. سەرەڕای ئەمانەش، حکومەتی ئیدارەی هەولێر کێشەی نەبوونی داتایان هەبوو لە سەر قەزا و ناحیەو شارەکان کە پێویستی بە پارەیەکی باش هەبوو، ئەوەی هەبوو تەنها داهاتی نەوت بەرامبەر خۆراکی نەتەوەیەگرتووەکان بوو کە (١٣%)ی داهاتی فرۆشی نەوت عێراق بۆ هەرێمی کوردستان بوو، ئەمەش کاری کردبووە سەر پرۆسەی پلاندانان و نەبوونی پلانی باشی خزمەتگوزاری. لەگەڵ ئەمانەشدا، ئەم کابینەیە، وەکو کابینەی یەکەم و دووەم کێشەی بڕیاردانی کەمتربوو لە نێوان سەرۆک وەزیر و جێگرەکەی تاکو دەگاتە ئەنجومەنەکانی دیکەی حکومەت.

لە سێلمانیش، لەساڵی (١٩٩٦)دا (ی.ن.ک)، کابینەی سێیەمی بەسەرۆکایەتی کۆسرەت ڕەسول علی ڕاگەیاند. ئەم حکومەتە، لە (١٦) پۆستی باڵای حکومی پێکهاتبوو. ئەم کابینەیە کابینەیەکی هاوپەیمانی بوو "لەنێوان (ی.ن.ک)، پارتی زەحمەتکێشانی کوردستان، پارتی پارێزگاران و بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان. یەکێتی، زۆربەی پۆستی جێگر وەزیری بەو پارتانەدا دا کە بەشداری پێکردبوون لە حکومەتدا" (Stansfield, 2003: 162). بەشێوەیەک پۆستەکان دابەشکران کە لە کۆی هەر (١٦) پۆستە حکومیەکان، (١٢) پۆست بۆ یەکێتی ، (٢) پۆست بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، (١) پۆست بۆ پارتی پارێزگاران و (١) پۆست بۆ پارتی زەحمەتکێشانی کوردستان بوون (Stansfield, 2003). لەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی ئەم حکومەتە بوو کێشەی بێ بینایی بوو بۆ ڕاپەراندنی کاروباری حکومەت و کێشەی دارایی. ئەم کێشانە وایکرد، ئاستی خزمەتگوزاریەکان کەمبێ و حکومەت نەتوانێت لە سێکتەرەکان وەکو پێویست پرۆژەکان ڕاپەڕێنێت. هەروەکو حکومەتی ئیدارەی هەولێر، لایەنی باشی ئەم حکومەتە ئەوەبوو کێشەی بڕیاردان نەبوو لەنێوان بەرپرسی یەکەم و جێگرەکەی لە تەواوی دامەزراوەکانی حکومەتدا.

هەریەکە لە هەردووک پارتەکە، دوای نەمانی شەڕی ناوەخۆ لە ساڵی (١٩٩٨)دا گۆڕانکاریان لە کابینەی حکومەتدا کرد و بەجیا کابینەی چوارەمیان ڕاگەیاند. ئەم دوو کابینەی چوارەمە، بە جیاو لە ساڵی جیادا ڕاگەیێنران، پارتی، "لە ٢٠ی مانگی ١٢ی ساڵی (١٩٩٩)دا کابینەی چوارەمی ڕاگەیاند کە نێچیرڤان بارزانی کرا بە سەرۆک وەزیر و


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

سامی عبدالرحمان کرا بە جێگری سەرۆک وەزیران؛ یەکێتی، لە ڕۆژی ٢١ی مانگی ١ی ساڵی (٢٠٠١)دا بەرهەم سالحی ڕاسپارد بۆ پۆستی سەرۆکی وەزیران" (Stansfield, 2003: 147). ئەم دوو کابینەیە، تاکو ساڵی (٢٠٠٦) بەردەوام بوون.

لەنێوان ساڵانی (١٩٩٢-٢٠٠٦)دا پارتی و یەکێتی، لە دوو کابینە پێکەوە بوون و لە دوو کابینەش دابەشی سەر دوو ئیدارەبوون. ئەو هەلومەرجەی ئەم دووپارتەی لە یەکدی نزیکردەوە بە پلەی یەکەم ڕێکەوتنامەی واشنتۆن و گۆڕانی سیستەمی سیاسی لە عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣)دا بوون. بۆ نموونە، ڕێکەوتنامەی واشنتۆن شەڕی ناوەخۆی وەستاند و گفتوگۆی خستە نێو هەردوو پارتەکە، هەرچی گۆڕانی سیستەمی سیاسی عێراقە، هەلومەرجی سیاسی نوێی بۆ پارتی و یەکێتی دروستکرد. ئەم هەلومەرجە دەرفەتی ڕەخساند بۆ هەردووک پارتەکە کە دوبارە بیر لە یەکگرتن بکەنەوە لە چوارچێوەی حکومەتێکدا. بۆیە، لە ڕووی پەیوەندی لەگەڵ وولاتانی دەرەوە و هێزەکانی دیکەی عێراق "دوای داگیرکردنی عیراق پارتی و یەکێتی بەرەیەکیان دروستکرد بۆ کارکردن لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و هێزە عێراقیەکان بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی دانی پیدابنرێت" (Khalil, 2009: 21). لە ناوەخۆشدا، چەندان دەستکەوتیان هەبوو لەوانە لە هەڵبژاردنی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٥)دا لیستی هاوپەیمانی کوردستانی (لیستی پارتی و یەکێتی) "(٧٥) کورسیان لە کۆی (٢٧٥) کورسی پەرلەمانی بە دەستهێنا" (Mohammed, 2013: 118)، کە دەیکردە "(٢٦%)ی دەنگەکان لەسەر ئاستی عێراقدا" (Romano, 2010: 1349). ئەمەش وایکرد کورد لە نوسینەوەی دەستووری عێراق ڕۆڵی باشی هەبێ و دەستەبەری فیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستان بکرێت، (١٧%)ی بودجە بۆ هەرێم دابنرێت، مادەی (١٤٠) لە دەستووری عێراق دابنرێت بۆ چارەسەری کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان و پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق و کۆمەڵێک پۆستی وزاری بۆ کوردبێ. لەگەڵ ئەمانەشدا، لە ساڵی (٢٠٠٥)دا پارتی و یەکێتی ڕێکەوتن کە دەزگای سەرۆکایەتی هەرێم دروست بکەن بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی خەڵکی هەرێمی کوردستان بکات.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

## ٤. هەڵبژاردن و بونیاتنانی کابینەی حکومەت لە ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠٠٦)دا:

### ١.٤. خولی دووەمی هەڵبژاردن لە ساڵی ٢٠٠٥دا

هەلومەرجی دوای گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە عێراقدا لە ساڵی (٢٠٠٣)دا وایکرد پارتی و یەکێتی زیاتر لە یەکنزیکببنەوە. ئەنجامی ئەم لێکنزیکبوونەوەیە دروستکردنی لیستی هاوبەش بۆ هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقی لێکەوتەوە. هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و هەرێمی کوردستان بەیەکەوە لە ڕۆژی ٣٠ی مانگی ١ی ساڵی (٢٠٠٥)دا بەڕێوەچوون. پارتی و یەکێتی لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا بەیەک لیست بەشداربوون. لەم هەڵبژاردنە، لەگەڵ لیستی هاوبەشی پارتی و یەکێتی کەناوەکەی (لیستی نیشتیمانی دیموکراتی کوردستان) بوو، کۆمەڵێک لە لیستی پارتەکانی دیکەی هەرێمی کوردستانییان بەشداربوون، کۆی گشتی "(١٣) لیستی جیاواز بەشداریان لە ململانێ هەڵبژاردندا کرد کەبەسیستمی (نوێنەرایەتی ڕێژەیی) بەڕێوەچوو، تیایدا (١٧٥٣٩١٩) کەس لەدانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانیانەوە بەشداریان تێدا کرد" (Kurdistan Parliament website n.d.). ئەم پارتانە، کێبرکێیان بوو بۆ بەدەستهێنانی کورسی پەرلەمانی کە ژمارەیان (١١١) کورسی بوو، لە نێویاندا (١١) کورسی (کۆتا)ی کەمینەکان بوون.

پارتی و یەکێتی، لەم هەڵبژاردنەدا، لە کۆی گشتی (١١١) کورسی، (١٠٤) کورسیان بەدەستهێنا کە دەیکردە "(٩٠%)ی کۆی دەنگەکان" (Fatah, 2016: 29). براوەی دووەم (٦) کورسی بەدەستهێنا کە (کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان) بوو و (١) کورسیش بۆ لیستی (زەحمەتکێشان و سەربەخۆیەکان) بوو. خشتەی ژمارە (٤) ئەنجامی کۆتایی خولی دووەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ساڵی ٢٠٠٥دا ڕووندەکاتەوە کە پێگەو ڕێژەی پارتە سیاسیەکان لە خۆدەگرێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

**خشتەی ژمارە (٤) ئەنجامی کۆتایی خولی دووەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ساڵی ٢٠٠٥دا**

| ژمارەی کورسی | ڕێژەی دەنگ | کۆی دەنگەکان | ناوی لیستەکان | زنجیرە |
|---|---|---|---|---|
| 104 | 89.55% | 1570663 | لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان | 1 |
| 6 | 4.86% | 85237 | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانی عێراق | 2 |
| 1 | 1.17% | 20585 | لیستی زەحمەتکێشان و سەربەخۆکان | 3 |
| 0 | 0.67% | 11748 | پارتی کاری دیموکراتی کوردستان | 4 |
| 0 | 0.62% | 10952 | بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان | 5 |
| 0 | 0.59% | 10262 | لیستی بێلایەنەکان | 6 |
| 0 | 0.52% | 9081 | پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان | 7 |
| 0 | 0.54% | 9499 | تەجەموعی کۆماری عێراق | 8 |
| 0 | 0.47% | 8255 | بەرەی نیشتمانی وەحدەی عێراق | 9 |
| 0 | 0.38% | 6690 | بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان | 10 |
| 0 | 0.31% | 5506 | پارتی پارێزگارانی کوردستان | 11 |
| 0 | 0.20% | 3422 | حزبی ئەخای وەتەنی عێراقی | 12 |
| 0 | 0.12 | 2018 | ڕەوتی نیشتمانی کوردستان | 13 |
| 111 | 100% | 1753919 | کۆی گشتی دەنگەکان | |
| | | 23760 | دەنگە ڕەتکراوەکان | |

Source: (the Kurdistan Parlament website, 2020)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

ئەم هەڵبژاردنە، بۆ هەرێمی کوردستان زۆر گرنگ بوو چونکە یەکەم، پارتی و یەکێتی کە دوو ئیدارەی جیاوازیان هەبوو، بەیەک لیست بەشداریانکرد. دووەم، ئەم هەڵبژاردنە، (١٢) ساڵ دوای هەڵبژاردنی یەکەم ئەنجامدرا و (٢) ساڵش دوای گۆڕینی سیستەمی سیاسی عێراقبوو. سێیەم، بە بەراورد بە هەڵبژاردنی یەکەم کە (٧) لیست بەشداربوون، بەڵام ئەم هەڵبژاردنە (١٣) لیست بەشداربوون کە ئەمەش بۆ وولاتانی دیموکراسی جێگەی بایەخ بوو. چوارەم، ئەم هەڵبژاردنە هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی پارتی و یەکێتی هەردووک ئیدارەی هەولێر و سلێمانی بکەنەوە یەک ئیدارەو یەک حکومەت بەڵام بەتەواوەتی دوو ئیدارەیی نەکرا یەک ئیدارە و خەڵکی کوردستان لەمە زەرەرمەند بوون. پێنجەم، لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە، بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان زۆرگرنگ بوو چونکە وایکرد شێوازی ململانێی کاری پارتایەتی لە بەکارهێنانی چەکەوە بگۆڕێت بۆ شێوازی ململانێ لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە کە بنەمایەکەی هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانە بوو.

## ٢.٤. بونیاتنانەوەی کابینەی یەکگرتوو لە ساڵی ٢٠٠٦دا (کابینەی پێنجەم)

دروستکردنەوەی کابینەیەکی یەکگرتوو دوای دوو ئیدارەی و شەڕی ناوەخۆ، کارێکی ئاسان نەبوو. دوای چەند ڕێکەوتن و فشارە ناوەخۆ و دەرەکیەکان، پارتی و یەکێتی لە حکومەتێکدا کۆکردەوە. زیاتر لەمانەش، هەریەکە لە ڕێکەوتنی واشنتۆنی ساڵی (١٩٩٨)، ڕووخانی رژێمی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣)دا و ئەنجامی هەردووک هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان و عێراق لە ساڵی (٢٠٠٥)دا، هۆکاربوون بۆ ئەوەی پارتی و یەکێتی زیاتر لەیەکدی نزیکببنەوە و یەک حکومەتی هاوبەش دروستبکەن. بۆ ئەم مەبەستە، لەژێر ڕۆشنایی ڕێکەوتنامەی واشنتۆن "لە ٦ی ئابی (٢٠٠٢)دا هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی لە کۆیە کۆبوونەوە و ڕێکەوتن کە پەرلەمان وەکو خۆیی (پێشتر لە کابینەی یەکەم لەسەری پێکهاتبوون) بەوەی (٥١%)بۆ پارتی (٤٩%) بۆ یەکێتی (٥%)ی بۆ ئاشووریەکان بێ و بارەگای هەردوو پارتەکە لە سنووری هەردووک ئیدارەدا بکرێنەوە" (هێتوتی، ٢٠٠٩: ١١٥). ئەم دانیشتن و ڕێکەوتنە بووە هۆی ئاسانکاری بۆ هەموو ئەو بەربەستانەی پێشتر لە نێوان ئەم دوو پارتەدا هەبوون.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

دوای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٥)دا و بەدەستهێنانی (٩٠%)ی دەنگەکان لەلایەن پارتی و یەکێتیەوە، ئەم دوو پارتە، لە ساڵی (٢٠٠٦)دا ڕێکەوتنێکی هاوبەشیان ئیمزاکرد. ئەم ڕێکەوتنە لە "٧ی کانوونی دووەمی (٢٠٠٦)دا مۆرکرا و بە ڕێکەوتنی ستراتیژی لە نێوان پارتی و یەکێتی ناونرا" (هێتوتی، ٢٠٠٩: ١٢١). لەم ڕێکەوتنەدا، پارتی و یەکێتی بڕیاریاندا بەیەکەوە هەرێمی کوردستان بەڕێوەببەن لە چوارچێوەی یەک حکومەتدا. ناوەڕۆکی ئەم ڕێکەوتنە، بەگوێرەی بەرژەوەندی هەردووک پارتەکەبوو، بەشێوەیەک کە پۆستەکان بەهاوبەشی دابەشبکرێن و پاڵپشتی یەکتربن. لە ڕێکەوتنەکەدا هەردووک پارتەکە ڕازیبوون کە بە یەک لیست بەشداربن لە هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان و عێراق و هەموو پۆستەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لە نێوان خۆیان دابەش بکەن و پاڵپشتی یەکدی بن لە هەولێر و بەغدا. سەرەڕایی ئەمە، لە کابینەی حکومەتدا هەردووک پارتەکە پۆستی سەرۆک وەزیران دووساڵ بە دووساڵ لە لایان دەبێت (Khdhir, 2015). دوای ئەم ڕێکەوتنە بە ویستی پارتی و یەکێتی لە "٢١ی کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠٠٦)دا پەرلەمانی کوردستان پرۆژە بڕیاری یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی پەسەندکرد" (هێتوتی، ٢٠٠٩: ١٢٢). ئەم هەنگاوەش پاڵنەرێکی دیکەی باشبوو کە ئیتر پارتی و یەکێتی نابێ لەم ڕێکەوتنە پاشگەزببنەوە بەڵکو دەبێ یەک حکومەت لە هەرێمی کوردستاندا هەبێ.

پارتی و یەکێتی، لە "مانگی ٥ی ساڵی (٢٠٠٦)دا، میکانیزمێکیان دانا بۆ تێکەڵکردنەوەی هەردووک ئیدارەکە و دابەشکردنەوەی دەسەلات لەسەر بنەمای یەکسان کە پێیدەگوترا پەنجا بە پەنجا" (Mohammed, 2013: 120). ئەم کابینەیە، کابینەیەکی هاوبەش بوو لە نێوان پارتی و یەکێتی و کۆمەڵێک لە پارتەکانی دیکە کەلە مانگی (٥)ی ساڵی (٢٠٠٦) ڕاگەینرا و "ژمارەی وەزارەتەکان کرا بە (٤٢) وەزارەت" (Khalil, 2016: 106)، کە لە کابینەکانی پێشتردا بەرێژەیەکی بەرچاو زیاتر بوو. لەم کابینەیە، پۆستی سەرۆک وەزیران درا بە پارتی و پۆستی جێگری سەرۆک وەزیران درا بە یەکێتی؛ لە ڕۆژی ٧ی ئایاری (٢٠٠٦)دا "نێچیرڤان بارزانی لە پارتی کرا سەرۆک وەزیران و عومەر فەتاح لە یەکێتی کرا جێگری سەرۆک وەزیران" (Rudaw 2019). ئەم کابینەیە، بە پارتی و یەکێتیەوە بە هاوبەشی لە (٧) پارتی هەرێمی کوردستان و نوێنەری پێکهاتەکانی دیکە پێکهاتبوون کە بریتیبوون لە پارتە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

سیاسیەکانی وەکو "پارتی، یەکێتی، یەکگرتو، شیوعی، کۆمەڵ، سۆسیالیست، زەحمەتکێشان)و نوێنەرانی پێکهاتەکانی تورکمان، ئاشووریو ئێزیدی" (Sbeiy, 2009).

ئەم کابینەیە، وەکو ئەزمونێکی نوێ دەبینرا کۆمەڵێک دەستکەوتی گرنگی هەبوو لەوانە ڕێگە خۆشکەری چەندین پڕۆژەو سیاسەتی نوێ بوو کە لە ساڵانی پێشوودا بوونیان نەبوو وەک دروستکردنی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی، گرتنەدەستی سیاسەتێکی دەستپێشخەری نەوت وگاز، بنیاتنانەوەی ژێرخانی هەرێم وپەرەپێدانی پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و سەرمایەی زیاتر بۆ پرۆژە کۆمەلایەتی و ئابوورییەکان لە هەرێم ( Kurdistan regional Government website n.d.). جیا لەمانەش، چەندان وەزارەت لە بوارە جیا جیایەکاندا دروستکران لەوانە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی هەرێم، وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و وەزارەتی مافی مرۆڤ. لەگەڵ ئەمانەشدا، ئەم کابینەیە ڕەخنەی ئەوەی لێگیرا کە بۆ چوار وەزارەت دوو وەزیر دانران و تێکەڵ نەکرانەوە لەوانە وەزارەتی پێشمەرگە، ناوەخۆ، داد و دارایی. زیاتر لەمانەش، لەم کابینەیە ژمارەی وەزارەتەکان زۆربوون و پێویستی بە شوێن و خەرجی زۆر هەبوو.

## ٥. دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

پارتی و یەکێتی، لە دوای ڕاپەرینی ساڵی (١٩٩١) بە دیاریکراوی لە ساڵی (١٩٩٢)دا ڕۆڵی سەرەکیان بینی لە دروستکردنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان. کاتێ کە ئەم دوو پارتە لەگەڵ چوار پارتی دیکەدا کۆمسیۆنێکی یەگرتوویان (بەرەی کوردستانی) دروستکرد لە ساڵی (١٩٨٧)دا، ڕۆڵی ئەم بەرەیە کاریگەربوو لە بڕیاردان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کە پارتی و یەکێتی دوو پێکهێنەری سەرەکی بوون تێیدا. ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دروستکردنی حکومەت بەم فۆرمەی ساڵی (١٩٩٢) ڕووداوێکی نوێبوو، بۆ پارتی و یەکێتیش یەکەم کاری لەم جۆرەبوو و پێشینەی نەبوو. هەرچەندە، ئەم پرۆسەیە بێ کەموکورتیش نەبووە بەڵام هەنگاوی باشبوون بۆ هەرێمێک کە تازە دروستبوو بوو. دوای دەرکردنی یاسای ژمارە (١) ی هەڵبژاردنی ساڵی (١٩٩٢) لەلایەن لیژنەی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

(١٥) کەسیەکەی بەرەی کوردستانی، (٧) لیست لە پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان دروستکران و بەژداریان لە هەڵبژاردنی ڕۆژی ١٩ی مانگی ٥ی ساڵی (١٩٩٢)دا کرد.

دوای هەڵبژاردن، ئەم دوو پارتە ڕێکەوتن بە شێوەی پەنجا بە پەنجا کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستبکەن. یەکەم کابینە (٣١) پۆستی حکومی هەبوو، سەرۆکی حکومەت بۆ یەکێتی بوو جێگرەکەی بۆ پارتی. ئەم سیاسیەتەی دابەشکردنی پۆست لەسەر بنەمای سەرۆک بۆ پارتێک جێگەرەکەی بۆ پارتەکەی دیکە لە هەموو دامەزراوەکان ڕەنگیدایەوە. یەکێک لەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی ئەم کابینەیە بووەوە بریتیبوو لەوەی کە وەزیر و جێگر هەمان دەسەڵاتیان هەبوو دەیانتوانی بڕیار و پڕۆژەی یەکتر ڤیتۆ بکەن. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم کابینەیە کێشەی نەبوونی پسپۆر و کێشەی دارایی هەبوو. بۆیە دوای چەند مانگێک کۆتای بەم کابینەیە هات.

دواتر پارتی و یەکێتی کابینەی دووەمیان دروستکرد لە (٣١) پۆستی وزاری کەم کراوە بۆ (١٧) پۆست. (ی.ن.ک) لە جێگەی د.فواد مەعسوم، کۆسرەت ڕەسول علی دانا. ئەم کابینەیە یەک ساڵ لە (١٩٩٣) بۆ (١٩٩٤) بە هاوبەشی نێوان ئەم دووپارتە بەردەوام بوو. لەم ماوەیەدا، ئەم کابینەیە کێشەی کەمی پسپۆر، کێشەی دارایی، هەروەکو کابینەی یەکەم، کێشەی دەستێوەردانی حیزبی هەبوو. لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆ کە لە ساڵی (١٩٩٤) دا هەڵگیرسا، لە ساڵی (١٩٩٦)دا دوای گەڕانەوەی (پ.د.ک)، لەو ساڵدا، ئەم جارەیان (ی.ن.ک) لە هەولێر نەما و هەرێمی کوردستان دابەشی سەر دوو ئیدارە کرا لەوانە ئیدارەی هەولێر و سلێمانی کە پارتی و یەکێتی ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە لەتکردنی خاکی کوردستان بۆ دوو ئیدارە و دابڕینی پێکهاتەی گەڵی کورد لە یەکتر، ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە دروستکردنی ڕق و قین و دووبەرەکی لە نێوان شارو شارۆچکەکانی کوردستان، وەکو ئاماژەمان پێکرد هیشتا ئاسەواری کۆمەڵایەتی ماوە.

لە ساڵی (١٩٩٦)دا پارتی لە هەولێر و یەکێتی لە سلێمانی دوو حکومەتیان دروستکرد. ئەم دوو کابینەیە بەشێوەی هاوپەیمانی لەگەڵ پارتەکانی دیکە دروستکران (لەگەڵ ئەو پارتانەی پشتیوانی بڕیارەکانی پارتی و یەکێتیان دەکرد). حکومەتی ئیدارەی هەولێر و سلێمانی کێشەی داراییان هەبوو کێشەی کەمی زانیاریان هەبوو لەسەر دانیشتوان و چۆنیەتی ئەنجامدانی خزمەتگوزاری بۆ هاوڵاتیان. بەم شێوەیە هەردووک پارتەکە بەردەوامبوون و هەرێمی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

کوردستان دابەشی دوو ئیدارەی کرد. لە هەولێر لە ساڵی (١٩٩٩)دا پارتی کابینەی چواری دروستکرد و یەکێتی بەهەمان شێوە لەساڵی (٢٠٠١)دا لە سلێمانی کابینەی چوارەمی دروستکرد ، لە کاتێکدا، ئەو ڕۆژگارە وڵاتە زلهێزەکانی جیهان (ئەمریکا و هەوپەیمانەکانی) خۆیان بۆ ڕوخاندنی سەرسەخترین دوژمنی کورد ئامادە دەکرد، کە ئەنفالی کوردی کردبوو ، پارتی و یەکێتیش سەرقاڵی پڕۆژەی حیزبی و دروستکردنی کابینەی هەردووک ئیدارەکەبوون.

بەڵام لەساڵی (١٩٩٨) دا پارتی و یەکێتی ڕێکەوتنی واشنتۆنیان ئیمزا کرد شەڕی ناوەخۆ وەستا و لەساڵی (٢٠٠٣)دا ڕژێمی عێراق ڕووخا و سیستەمی سیاسی عێراق گۆڕا، ئەم دوو ڕووداوە گرنگە هۆکاربوون پارتی و یەکێتی بیر لە دروستکردنی حکومەتێکی هاوبەش بکەنەوە. بۆیە لەساڵی (٢٠٠٥) بەیەک لیست بەژداریان لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا کرد. لە هەردووک هەڵبژاردندا، لیستی هەردووک پارتەکە دەنگی باشیان هێنا و بووە بنەمایەک هەم لە بەغدا و هەم لە هەرێمی کوردستان بەهێز بن.

بۆیە لە ساڵی (٢٠٠٦)دا پارتی و یەکێتی ڕێکەوتنیان ئەنجامدا کە بە هاوبەشی حکومەتێک دروستبکەن بەشێوەی پەنجا بە پەنجا بەڕێوەیببەن. لەساڵی (٢٠٠٦)دا حکومەتی یەگرتوویان دروستکرد کە ژمارەی پۆستی وزاری (٤٢) وەزارەت بوون. باشی ئەم کابینەیە ئەوەبوو کە دوای شەری ناوەخۆ دروستکراوەیە بەڵام ژمارەی وەزارەتەکانی زۆربوون کە ئەمەش مایەی خەرجیەکی زۆربوو لەسەر داهاتی هەرێمی کوردستان.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

# The Role of PDK and PUK in the Formation of Parliament and Government Cabinet Between (1992-2006)

**Dilshad Siamend Shirawy**
Sociology Department, College of Arts, Salahaddin University, Hawler, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** dilshad.sherawy@su.edu.krd

**Mohammed Hussain Mohammed Shwani**
Sociology Department, College of Arts, Salahaddin University, Hawler, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** mohammed.mohammed2@su.edu.krd

## Abstract:

In 1992, for the first time, the Kurdistan region of Iraq went through political and societal change like the formation of parliament and government cabinet. This research is a theoretical one on the role of PDK and PUK in the building of parliament and government cabinet between (1992-2006). This research analyses the role of the both parties in the formation of the parliament in 1992 and 2005, and the government cabinet from the first to fifth. Additionally, this research focuses on the division of power between the two parties during (1992-2005) then the research concluded by the main findings such as, the Role of the both parties in the building of parliament and the government cabinet from the first two the fifth in the region and sharing power in the (1,2,5) government cabinets.

**keywords:** Political Parties, Political Change, Government Formation, Kurdistan Region, Parliament.

## سەرچاوەکان


جامباز، ت. م. س. (٢٠٠٩). پەرلەمانتارانی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٥-٢٠٠٩)، پرسیاربارانی حکومەتی کوردستان دەکەن. هەولێر: چاپخانەی شەهاب.

دەرویش، س.ع. (٢٠١٤). شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و کاریگەری لەسەر دۆزی کورد لە عێراق، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

ڕەسول، ف. (٢٠٠١). مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستاندا. ستۆکۆلم: دەزگایی سۆلفۆلارگێت.

ڕەئوف، م. (٢٠١٣). هەڵبژاردن لە کوردستان ١٩٩٢-٢٠١٠. سلێمانی: چاپخانەی ئارۆ

سابیر، ف.س. (٢٠١١). ڕۆڵی حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە چالاککردنی کۆمەڵگەی کوردی (١٩٩١-٢٠١٠)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

عبدالخالق، م. (٢٠٠٨). مەوسوعەی جودی بۆ چەمک و زاراوەکانی سەردەم، بەشی یەکەم. هەولێر: تەفسیر بۆ بلاوکردنەوەو راگەیاندن.

فاتیح، م. (٢٠١٢). حزب و ڕێخراوە سیاسیە عێراقییەکان ١٩١٠-٢٠١٠. سلێمانی: ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران.

کەریم، ئ.ڕ. (٢٠٠٩). ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان، لێکۆلینەوەیەک لە جوگرافیای سیاسی دا، ئەحمەد ڕەفیق کەریم، نامەی مەستەر، زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی.

محەمەد، خ.ئ. (٢٠١٢). جوگرافیایی نەتەوەکان، کورد وەکو نموونە. هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

محەمەد، خ. ک. (٢٠٠٥). ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و ئێتنیکیەکانی فیدرالیزمی هەرێمی کوردستان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

نێروەیی، ع. ت. (٢٠٠٨). بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی جەنگی عێراق و ئێراندا. دهۆک: دەزگایی سوپریز.

هێتوتی، ن. ع. (٢٠٠٩). دۆزی کورد لە عێراقدا و میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی دوای ٢٠٠٣، نەوزاد عبدولا هێتوتی. دهۆک: چاپخانەی خانی.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

Fatah, S. (2016). ‘*A Study of the Implementation of the Constitution and the Quality of Governance in Kurdistan'*, PhD thesis, John Moores University, Liverpool.

Gunter, M. M. (1996). The KDP-PUK Conflict in Northern Iraq. *Middle East Journal*, 50 (2), pp. 224-241.

Khalil, I. (2009). ‘Stability in iraqi Krdistan: Reality oR MiRage?, *Journal of Working paper*, 7, (2).

Khdhir, D. H. (2015) *Dynamics of Kurdish identity formation in the Kurdistan region-Iraq between 1991 and 2014*, PhD thesis, University of Nottingham, Nottingham.

Kurdistan regional Government (n.d.). *Contemporary history*. [online] Available at: http://previous.cabinet.gov.krd/p/page.aspx?l=12&s=050000&r=306&p=216 [Accessed: 25 may 2020].

Khalil, H. M. (2016). *The Obstacles to Political Development in the Kurdistan Region 1992-2014*, PhD thesis, Bangor University, Bangor.

Kurdistan Parliament (n.d.). *Elections*. [online] Available at: https://www.parliament.krd/english/about-parliament/elections/ [Accessed: 5 April 2019].

Kurdistan Parliament (1992). *The Law of Rules for Election of the Leader of the Kurdish Liberation Movement* No. 2 of 1992. (Legislation 1992). Erbil: Kurdistan Parliament. [Online] Available at: https://www.parliament.krd/english/parliament-activities/legislation/ [Accessed: 25 May 2020].

Kurdistan Parliament (2020). *Election results in 1992*. [online] Available at: https://www.parliament.krd/english/about-parliament/elections/ [Accessed: 8 April 2019].

Leezenberg, M. (2015a). Iraqi Kurdistan: Contours of a Post-Civil War Society. *Journal of Third World Quarterly*, 26 (4/5), pp. 631-647.

Mohammed, A. J. (2013). *‘The Politics of Iraqi Kurdistan: Towards Federalism or Secession?*’, PhD thesis, University of Canberra, Australian.

Mcdowall, D. (2007). *A modern history of the kurds*. London: I.B.Tauris & Co Ltd.

Mawlood, S. J. (2011). *Challenges and Opportunities: The Impact of the Press Law (2008) on the Role of Journalism in the Kurdistan Region post-2003*, PhD thesis, university of Bradford, Bradford.

Pukmedia, (2017). *How PUK founded?*. (in Kurdish). [online] Available at: https://www.pukmedia.com/KS_Direje.aspx?Jimare=98737 [Accessed: 12 September 2019].



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

Romano, D. (2010). Iraqi Kurdistan: challenges of autonomy in the wake of US withdrawal. *Royal Institute of International Affairs,* 86 (6), pp.1345-1359.

Rudaw, (2019). *anniversary of the first KRG cabinet*. (in Kurdish). [online] Available at: https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/040720191 [Accessed: 7 may 2019].

Stansfield, G. R. V. (2003). *Iraqi Kurdistan: Political development and emergent democracy*. London: Routledge Curzon press.

Sbeiy, (2009). *About IKR elections*. (in Kurdish). [online] Available at: https://archive.sbeiy.com/article_detail.aspx?ArticleID=1190&AuthorID [Accessed: 6 may 2019].

The Independent High Elections and Referendum Commission (2015). Election results. (in Kurdish). [online] Available at: https://www.khec.krd/dreje_dangadaran.aspx?jimare=116&type=7 [Accessed: 19 september 2020].